www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 31-12-2007 1:10

## سێ سەدوشەستوپێنج هەناسە لەبەردەم ویستگەی چاوەڕوانیدا ... کەژاڵ ئیسماعیل

10-12-2007
هوڵندا



ئەی سپی تر لەبەفرو تەڕتر لەباران
ئێمەی موسافیر
هەر رۆژە واین لەژێر چەتری ویستگەیەکدا
چاو بۆ سیمایەك ئەگێڕین
وەك وئێمە ئاشق بەگەڕانەوە بێت
جانتاکانیشمان وان لەبەردەم
دەرکی فڕۆکەخانەی سەفەرێکا بۆ ئولفەت
ئەوە نییە هەموو شەوێك ئەمانسپێرێت بەماچێکی بێهودەیی و
خەومان ئەنێتە نێو رۆحی چاوەڕوانییەکەوە
دەتۆ وەك ساڵ بێ مروەتانە مەڕوانە
چاوەڕێبە
چەپکێ قەسیدەی پڕ لەموحیبەت
بنێمە نێو ئینجانەیەکی پیرۆزەییەوە و
لەبەر پێی ئەسەفێکا بیشکێنم
تاقەزاوەتی ئەم چیرۆکە بۆخۆی بەرێت
، ، ، ،
لەبیرتە، ،
وەختێ درەخت دمی نا بەگوێێ ـ با ـ وە و
لەشەرمی ڕووت بوونەوەی
بووە پشکۆیەك لەکورەی ڕۆحتا؟
من و تۆش
تارایەکمان لەگەڵا دا بەسەر کچێنی یەکەم ژووانا؟
ئەمە قەدەرە
چرکە، ، چرکە ئەمانسپێرێت بەگریان و
لەساڵێکا ژمارەی رۆژەکان
مێژوو لەسەر تەقویمەکانمان ئەسرێتەوە
ئەم فەسڵەش فەسڵی بارینی بەفرو
هەڵواسینی میزەڵانی سپییە بەتەنافی زاکیرەدا
چیتر مۆڵەت نییە
بۆ کڕینی کاغەزی رەنگاورەنگ و
پەرت پەرت بوونی جەستە بەسەر لقەکانی داری میلادا
دەمی کودەتای ئێمەیە دژ بەنائومێدی لەدوا شەوی ساڵدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org

1:10 31-12-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

وەرە، ،
با بەهەناسەی گەرمی یەکتر ئەم قەسیدەیە بڕازێنینەوە و
دەستمان بنێینە نێو دەستی ئەوین
وەرە، ،
بادوا شەوی مەست بوون
لێوەکانمان بنێینە سەر لێوی ماچێکی شەرابی تاوەکو مەست بوون
لەدوا چرکەی ئەم چاوەڕوانییەدا
تۆی تەڕتر لەباران و
منی ووشك تر لەمەرگ
جانتاکانمان بپێچینەوە و
لەسەر وێستگەی چاوەڕوانی بنووسین
سێ سەدوشەست وپێنج ووشەو
قەسیدەیەك لەموحیبەت
............

کەژاڵ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.